خولی ئیتاڵیا.. ئینتەر میلان و کالیاری بەدوو گۆڵ یەکسان بوون

لە خولی ئیتاڵیا ئینتەر میلان و کالیاری بەدوو گۆڵ بە هەردوولا یەکسان بوون.

لە یارییەکانی هەفتەی 32ی خولی ئیتاڵیا ئینتەر میلان لە یاریگای خۆیدا میوانداری کالیاری کرد.

لە تایمی یەکەم و لە خولەکی 12 مارکۆس تورام گۆڵی یەکەمی بۆ ئینتەرییەکان تۆمارکرد و پاش ئەوەش کۆنترۆڵی یارییەکەیان زیاتر بەدەستەوە بوو بەڵام هەڕەشەکانی کالیاری زیاتر بوون.

لە تایمی دووەمدا یانەی میوان لە خولەکی 65 لە ڕێی یاریزان شەمورەدەڤ گۆڵی یەکسانی تۆمارکرد، بەڵام زەری نەخایاند لە خولەکی 74 هاکان چالهان ئۆغڵو گۆڵی پێشکەوتنی بە لێدانی سزا بۆ ئینتەر میلان تۆمارکرد، بەڵام کوڕانی کالیاری نەیانهێشت یارییەکە بە شکستی ئەوان کۆتایی پێبێت و لە خولەکی 83 ق[illegible]لا ئەنجامەکەی بە یەکسانکردنەوە و سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی یەکسان بە هەردوولا کۆتایی پێهات.

بەم ئەنجامەش خاڵەکانی ئینتەر لە یەکەمی ریزبەندی بوون بە 83 خاڵ، کالیاریش 31 خاڵی هەیە و لە پلەی 14 یەم دێت